# پێکهاتەی پیشەسازی یە خۆراکیەکان و دابەشبوونی جوگرافییان لە پارێزگای هەولێر

## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لەنامەی ماستەر)


سروە صدرالدین نورالدین[١] پ. د. احمد جلیل اسماعیل [٢]

[١] بەشی جوگرافی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[٢] بەشی جوگرافی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.


---


**پوختە**

پیشەسازی خۆراک یەکێکە لە چالاکیە هەرە گرینگەکانی پێشکەوتنی ئابووری هۆکاری بەرزبونەوەی داهاتی تاک و ڕەخساندنی هەڵی کار و نەهێشتنی بێکاریە. پیشەسازی خۆراک و دابەشبوونی گونجاوی سەرەڕای ئەوەی لە پێوستیە گرینگەکان و پڕ بایەخ دادەنرێت کەدەبێتە هۆی پێشکەوتنی بواری ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و بڕبڕەی پێشکەوتنە بۆ هەموو ئەو هەرێمانەی لەو وولاتەن و پێداویستیەکانی دانیشتوان پڕ دەکاتەوە وەهەروەها بە پەیژەی نێوان کەرتەکان وە سەرچاوەی بەگەڕخستنی دەرامەتی سروشتی و مرۆیەکان دادەنرێت. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە لێکۆڵینەوەی دابەشبوو شوێنی جوگرافی لقەکانی پیشەسازی خۆراکە، وە گەیشتن بەو جیاوازییەی کە لە نێوان قەزاکاندا هەیە، لەلایەکی تر هەڵسەنگاندنی پێکهاتەی پیشەسازی خۆراک ڕوون دەکەینەوە.

گرفتی توێژینەوەکە خۆی لە ناهەوسەنگی دابەشبونی جوگرافی و جۆری لقەکانی پیشەسازی خۆراک لە نێوان یەکە کارگێریەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەبینێتەوە. پێکهاتەی پیشەسازییە خۆراکیەکان و دابەشبوونی جوگرافی لە پارێزگای هەولێر دابەشکراوە بەسەر سێ تەوەر: تەوەری یەکەم/ چەمکی پیشەسازی خۆراک و گرنگییەکەی. تەوەری دووەم/ شیکردنەوەی پەیکەری پیشەسازیە خۆراکیەکان لە پارێزگای هەولێر. تەوەری سێیەم/ دابەشبوونی جوگرافی پیشەسازییە خۆراکیەکان لە پارێزگای هەولێر.

بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی توێژینەوەکە پەیرەوی میتۆدی زانستی گشتی کراوە کە پێک دێت لە (دابەشکردن و شیکردنەوە و پێکهێنان) وە خستنەڕووی داتاو زانیاریەکان لە ڕێگای گراف و پشت بەستن بە پرۆگرام و ڕێگای شیکاری نوێ وەک (Arc GIS v.10. 8، Excel 2016).

لە دەرئەنجامدا دەردەکەوێت کە پیشەسازی خۆراك لە ناوچەی لێکۆڵینەوە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە چونکە بە خاڵی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێت وە لقێکی سەرەکیە لە لقەکانی ئابووری نیشتمانی و هاوبەشی ڕاستەوخۆی کردووە لە زیادبوونی بەرهەمی ناوخۆی و نیشتمانی، هەروەها زنجیرەیەکی گرێدراوە لەنیوان کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی وە یەکێکە لە بنەما سەرەکی و بنچینەیەکانی کەرتی بازرگانی وووڵات. سەرەڕای ئەوە ئاماژەیەکە بۆ خوشگوزەرانی هاووڵاتیان.



**وشە کلیلیەکان: (پیشەسازی خۆراک،کارگە، دەستی کار، تێکڕای گرنگی ڕێژەی، لقەکانی پیشەسازی خۆراک، دابەشبوونی جوگرافی).**


---


مجلّة پۆلیتكنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية

المجلد 4 ، العدد 1 (2023)

أُستلم البحث في 20 يونيه 2022؛ قُبل في 22 اغسطس 2022

ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 12 أبريل 2023



البريد الإلكتروني للمؤلف: srwa.nooruldeen@epu.edu.iq



حقوق الطبع والنشر © 2023 تافكة، د. فريدون. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## پێشەکی:

کەرتی پیشەسازی وەکو بنەمایەکی گرنگی پێشکەوتنی ئابووری لە سەرتاسەری جیهان بە گرنگ سەیر دەکرێت، بەتایبەتیش پیشەسازیە خۆراکیەکان، بەهۆی ئەوەی کە پیشەسازیە خۆراکیەکان لەلایەک پەیوەندیان بە گوزەرانی ڕۆژانەی دانیشتوانەوە هەیە، لەلایەکی تریش پەیوەندی بە دابین کردنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆراکەوە هەیە. پارێزگای هەولێریش وەکو تەواوی ناوچەکانی جیهان لەم سالآنەی ڕابردوو تاڕادەیەکی زۆر بەهۆی کۆمەڵێک گوڕانکاری لە بواری دیموگرافی و ئابووری و سیاسی وکۆمەڵایەتی و ژینگەی. ڕەوشی ژیان گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە بینی لەدەرئەنجامی ئەمەش پێداویستیە خۆراکیەکان گۆڕانکاریان بەسەرداهات بە جۆرێک ڕۆژ دوای ڕۆژ داواکاریان زیادی کرد.

### 1. کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوەکەمان لەم پرسیارانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو :

1.ئایا پیشەسازیە خۆراکیەکان بوونەتە هۆکارێک بۆ ڕەخساندنی هەلی کار لە پارێزگای هەولێر ؟

2.ئایا جیاوازی دەبیندرێت لە دابەشبوونی جوگرافی پیشەسازیە خۆراکیەکان لە نێوان قەزاکانی پارێزگای هەولێر ؟

### 2. گریمانەی توێژینەوە:

1. پیشەسازیە خۆراکیەکان تا ڕادەیەک هۆکارێک بوونە بۆ ڕەخساندنی هەلی کارو بەرزکردنەوەی ژیان و گوزەرانی خەلک.
2. جیاوازی و نارێکیەکی زۆر دەبیندرێت لە دابەشبوونی جوگرافی پیشەسازیە خۆراکیەکان لە نێوان قەزاکانی پارێزگای هەولێر.

### 3. گرنگی توێژینەوە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە تاوتوێی بابەتێکی گرنگ دەکات ئەویش باس کردنی و شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ تێکەیشتن لە پێکهاتە و چۆنیەتی دابەشبوونی پیشەسازیە خۆراکییەکان لە پارێزگای هەولێر، بە هۆی زیاد بوونی پێداویستی دانیشتوان لەسەر بەرهەمە خۆراکیەکان، وە هەروەها پیشەسازی خۆراک کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵایەت و ئابوری، وە ڕۆلی لە چارەسەرکردنی بێکاری و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی دانیشتوان.

### 4. ئامانجەکانی توێژینەوە:

دەرخستنی پێکهاتە و دابەشبوونی جوگرافی پیشەسازیە خۆراکیەکان لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر وە هەروەها دانان و دروست کردنی بنکەیەکی زانیاری پێویست لەسەر ئاستی کەرتی پیشەسازیە خۆراکیەکان بە ئامانجی ئەوەی بکرێتە بنەمایەک کە لە داهاتودا لە لایەن دام و دەزگا پەیوندیدارەکان سودی لێوەربگرێت لەکاتی دانانی نەخشەو پلانی پێوست لەم کەرتەدا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

### 5. میتۆد و کەرستەکانی توێژینەوە:

توێژەر پەیڕەوی میتۆدی زانستی گشتی کردووە کە پێک دێت لە: (دابەشکردن و شیکردنەوە و پێکهێنان). توێژەر ئەم میتۆدەی بە شێوازی زانستی جێ بەجێ کردووە لە ڕێگای کۆکردنەوەی داتاکانی تایبەت بە پیشەسازیە خۆراکیەکان چ لە فەرمانگە حکومیەکان یان سەردانە مەیدانیەکانەوە بەدەست هێندراون، وە خستنەرووی داتاو زانیاریەکان لە ڕێگای گراف و پشت بەستن بە پرۆگرام و ڕێگای شیکاری نوێ وەک (Excel 2016 ،Arc GIS v. 10.8)

### 6. دیاریکردنی سنوری ناوچەی توێژینەوە:

پارێزگای هەولێر دەکەوێتە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان، سنوری ناوچەی توێژینەوە لەگەڵ هەر یەک لەم شوێنانەدا هاوبەشە بە جۆرێک لە باکوری ڕۆژهەلآتیدا هاوسنورە لەگەڵ ئێران، لەبەشی باکور سنوری لەگەڵ تورکیا، ڕۆژهەلآت پارێزگای سلێمانی، لە باشور پارێزگای کەرکوک،پارێزگای دهۆک و پارێزگای موسڵ لە خۆرئاوا، پارێزگای سەلاحەدین لە باشوری خۆرئاواوە،پێکهاتووە لە(10)یەکەی کارگێڕی بریتین لە قەزاکانی(قەزای ناوەندی هەولێر، دەشتی هەولێر،مەخمور،سۆران،شەقلاوە،خەبات،کۆیە،مێرگەسۆر،چۆمان،ڕەواند)،ژمارەی دانیشتوانەکەی لە 2020 ( 2,254,422) کەس بووە.

### 7. پلانی توێژینەوە

پوختەی پلانی توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ تەوەر و پێشەکی یەک و دەرئەنجەکان و ڕاسپاردەکان و لیستی سەرچاوەکان، تەوەرەکان بەم شێوەی خوارەوەن:
تەوەری یەکەم/ چەمکی پیشەسازی خۆراک و گرنگییەکەی
تەوەری دووەم/ شیکردنەوەی پەیکەری پیشەسازیە خۆراکیەکان لە پارێزگای هەولێر
تەوەری سێ یەم/دابەشبوونی جوگرافی پیشەسازیە خۆراکیەکان لە پارێزگای هەولێر

## تەوەری یەکەم: چەمکی پیشەسازی خۆراک و گرنگیەکەی

### یەکەم: چەمکی پیشەسازی خۆراک

پیشەسازی خۆراک تۆڕێکی ئاڵۆز لە چالاکیەکان پێکدێنێت کە پەیوەندی بە دابینکردن و بەکارهێنانی بەرهەمە خۆراکییەکان و خزمەتگوزارییەکان هەیە. ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لەگەشەپێدانی ئابووری هەر نەتەوەیەکدا یەکێکە لە داینامیکترین سێکتەرەکانی ئابووری جیهان(Musa and Ashaolu, p128-130,2019 Sadiku,) ، وە (Ernest) پێناسەی پیشەسازی خۆراکی کردووە بەوەی هەموو ئەو پرۆسە بازرگانیانەی کە هاوکاردەبێت لە هەر قۆناغێک لە زنجیرەی خۆراکی سەرەتایی کشتوکاڵی بۆ پرۆسەی خۆراکی لە بەرهەمهێنانی کەرستەی خاوی سەرەتای خۆراکی وە لە ڕێگای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گونجاو .(Vieira,p8,1996)

### دووەم: گرنگی پیشەسازی خۆراک

پیشەسازی خۆراک پیشەسازیەکی زیندووە کە ڕۆلی سەرەکی و ڕاستەوخۆی لە ئابوری وولآتدا دەبینێتەوە (Baldwin, p16, 2009) گرنگی پیشەسازی خۆراک لە چەند خالێک لە خوارەوە دەردەخەین:

1 . پشەسازی خۆراکی دادەنرێت بە لقێکی سەرەکی لە لقەکانی ئابووری نیشتمانی لە زۆربەی وولآتە پێشکەوتوەکان، گرنگیەکەی لەوەوە هاتووە کە لقێکی بنچینەی بووە لە کەرتی پیشەسازیە گۆڕاوەکان کە ڕۆڵ و هاوبەشی ڕاستەوخۆی کردوە لە زیادبوونی بەرهەمی ناوخۆی و نیشتمانی، هەروەها زنجیرەیەکی گرێدراوە لەنێوان

کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی، سەرەڕای ئەوە ئاماژەیەکە بۆ خوشگوزەرانی هاووڵاتیان و پیشکەوتنیان وە ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕەگەزەکانی پاراستنی سەربەخۆی سیاسی و پاراستنی هێزی بەرگری هەروەها کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر سەرجەم لقەکانی بەرهەم هێنانی وولات. (اسماعیل، ص2013،2)

2. گۆڕینی کەرستەی خۆراکی کە زۆر زوو تێک دەچن، بۆ کەرستەی ماوە درێژتر بۆ بەکارهێنان، هەروەها پیشەسازی خۆراک یارمەتیدەر دەبێت لە ڕێکخستنی تەرازوی بازرگانی (Trade balance) وە کەرستەی خاوی خۆراکی بەگۆرینیان بەبێ دابەزینی نرخەکانیان، نرخی لە وەرزی بەرهەمهێنان، بە شێوەیەک ببێتە هۆی هاندانی بەرهەمهێنانی. بەڵکو دەرگایەک لە بەرامبەردا دەکاتەوە بۆ بەردەوام بوون لە فرۆشتنی بڕی زێدەکی لە کارگەی بەرهەم هێندراو وە بە نرخی گونجاو.

3. بەژدار دەبێت لە بەهێزکردنی ئاسایشی خۆراک هەروەها تێکڕای داهاتی تاکەکەس و خێزان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی خۆراکی بەرزدەکاتەوە، سروشتی سیاسەتی هاوردەکردنی دەرەکی لە کەرستەی خۆراکی دەگۆرێت.

4. هاوکار دەبێت لە دامەزراندن و هاندانی پیشەسازی کە پەیوەست بێت بە پیشەسازی لە قتوکردن(پلاستیک، ئەلەمنیۆم، شووشە) هەروەها کەرستەی پێچانەوە... هتد. کە ئەمەش دەبێتە هۆی دامەزراندنی پیشەسازی خۆراکی کە پشت بە بەروبومی ناوەندی( Secondary) بۆ پیشەسازی ڕەسەن وەک ( کاغەز، کارتۆن) بۆ بەرهەمەکانی شەکر و شیرنەمەنی بەکاردەهێندرێت.(کریم،ص2001،14)

5. پەیوەندی دروست دەکات بۆ بەرەوپێش چوونی کەرتی کشتوکاڵ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ. لەبەر ئەوەی ئەم پیشەسازیە بەژدار دەبێت لە هاندانی ئەم کەرتە سەرەڕای ئەو بەهایەی کە کشتوکاڵ هەیەتی بەهایەکی زیاتری پێدەدات. وەهەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە زیادکردنی دەستکەوتی جوتیاران وە گەشەسەندنی لادێکان کە دەبێتە هۆی مانەوەی جوتیاران لە زەویەکانیان وە کەم کردنەوەی کۆچی لادێ بۆ شار وە کەمکردنەوەی جیاوازی نێوان شارو لادێ. (البوتانی و اسماعیل،ص 2020،6)

6. دابینکردنی خۆراک بۆ دانیشتوانی ئەو شوێنانەی کە دوچاری کارەساتی سروشتی دەبن وەک: بومەلەرزە، گڕکان، لافاو... هتد. وە ئەو شوێنانەی کە برسیەتی تێدا بڵاودەبێتەوە، هەروەها سوپاو ناوچەکانی بەرەی جەنگ. لە بەر ئەوەی ئەم جۆرە خواردنانە ئامادەیە وە دەتواندرێت بە ئاسانی و بەخێرایی بگواسترێنەوە بێ ئەوەی دوچاری تێک چوون ببن.(محمد، ص2006،21)

7. هۆکاریکە بۆ وازهێنان لە هاوردە کردنی خواردنی دروستکراو لە دەرەوە بەمەش قەبارەیەکی زۆر دەرامەت دەگەڕێتەوە بۆ وولات بە تایبەتی دراوی قورس کە سودی لێ وەردەگریت بۆ شتی تر.(ناصر،ص18، 2019)

8. پیشەسازی خۆراک کاردەکاتە سەر ئاستی شوێنی هەرێمی فەرمانی شار یان ناوچەیەک کە تێیدایە بۆ ئاستێکی دوور وەکو هەرێمی کاری پیشەسازی ئاوی کانزای لە پارێزگای هەولێر کە بەرهەمەکەی بۆ زۆربەی پارێزگاکانی عێراق دەنێرێت، ئەمەش بۆ گەورەی قەبارەی بەرهەمەکە دەگەڕێتەوە کە بە تەنها ئەوناوچەیە ناتوانێت وەریبگرێت . (ناصر،ص17، 2019)

## تەوەری دووەم:شیکردنەوەی پەیکەری پیشەسازی خۆراک لە پارێزگای هەولێر

گرنگترین ئامراز بۆ داڕشتنی پلان و ستراتیژی پیشەسازی کۆکردنەوەی زانیاریە ئامارییەکان لە کەرتی پیشەسازی هەبوونی،پۆلێنێکی گونجاوە بۆ چالاکییە پیشەسازیەکان بۆ ئەوەی بتواندرێت زانیارییەکان بە شێوەیەکی گونجاو ئامادە بکرێت لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی سوودیان لێ وەربگیرێت. پۆلێنی ISIC (international standard industrial classification) ستانداری نێودەوڵەتی پۆلێنکردنی چالاکییە پیشەسازییەکان لە ساڵی 1948 لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند کرا وە پێشنیار کرا کە ئەم ستانداردە وەکو کۆ سیستەمێکی پۆلێنکردن لە ستاندارەکانی نەتەوەی و نێو دەوڵەتی بەکار بهێنرێت. پۆلێنی عێراق و هەرێمی کوردستانیش لە سەر بنەمای ISIC دانراوە،پۆلێنی چاپی ISIC کە بە ژمارە (1 .3) وە (4) هەتا توانای هەڵسەنگاندنی زانیاری و ئامارە کۆنەکان فەراهەم بکرێت. (دەلیل،وەزارەتی پیشەسازی،بەرێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون،پۆلێنکردنی کارگەکانی پیشەسازی بە پێی ISIC 3.1، ل2008،3)

پیشەسازی خۆراک لەو پیشەسازیانەیە کە خواستی زۆر لەسەر بەرهەمەکانیەتی وە بە شێوەیەکی فراوان لە قۆناغە یەکەمەکانی کرداری گەشەپێدانی ئابوری ئەم پیشەسازیە بەژدارە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دروستبونی سەرمایەی وەبەرهێن لە کۆمەڵگا وە هەروەها ئەم پیشەسازیە لقێکە لە لقەکانی پیشەسازی گۆڕاو بەهۆی گرنگی زۆری ئەم پیشەسازیە بەپلەی یەکەم دێت لە پیشەسازیە گۆڕاوەکان بەپێ ی،پۆلێنی نێو دەلەتی پیشەسازی.(امین،ص2007،43)

پیشەسازییە خۆراکیەکان جۆراو جۆرن و چالاکی جۆراو جۆریان هەیە. سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگشتی پیشەسازی خۆراک لە 2020 بەرێژەی (25.03%) لە کۆی گشتی پیشەسازیەکانی تری پارێزگای هەولێر پێک دێنێت. (بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر) کە پێکهاتووە لە (1016) کارگەی پیشەسازی خۆراک کە (7,834) دەستی کاری بەگەڕخستوە وە (639,631,475)دۆلاری ئەمریکی سەرمایەی وەبەرهێنیان سەرمایەگوزاریان کردووە، رووبەری گشتی کارگەکان(46,40,458)م$^2$ بووە، کە بەشێوەیەکی جیاواز دابەش بووە لەسەر لقەپیشەسازیە خۆراکیەکان، پاڵپشت بە پۆلێنکردنی پیشەسازیە خۆراکیەکان وەک لە خشتەی(1) ئاماژەی بۆ کراوە پیشەسازی خۆراک لە پارێزگای هەولێر لە (10) لق کۆدەکەینەوە لەسەر بنەمای زانستی و کۆدی نێودەوڵەتی، بەگوێرەی ڕیزبەندی تێکڕای گرنگیرێژەیی بەم شێوەی خوارەوە باسیان لێوە دەکەین:

1. بەرهەمهێنانی خواردنەوە گازیەکان و ئاوی کانزایی و ناکحولیەکان: ئەم لقە پێک دێت لە **پیشەسازی خواردنەوە گازیەکان:** بەرهەماکانی خواردنەوەیەکی ئامادەکراوە لە گیراوەی ئاوی شەکر و تام و بۆنی سروشتی یان دەستکرد وە گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.(ابوریە،ص35، 2008) (3)کارگەی گەورە بەرهەمیان هەبووە.

**پیشەسازی ئاوی ئاوی کانزایی:** لە بازاڕ و دوکانەکانی کوردستان بەگشتی و پارێزگای هەولێر و پایتەختی هەرێم کوردستان شان بەشانی هەموو جۆرە خواردنەرەکانی تر دەخرتە ڕوو.گرنگی لە ڕووی ئابووریەوە خاوەن خواردنگەکان ئەو ڕاستیە دەخەنە ڕوو کە ئاوی کانزای لە بری ئاوی خواردنەوە کات و تێچوو و ماندوبونی کەمە لەبەر ئەوەی ئەو ئاوە ئامادەیە ئەمانە هەمووی بە قازانج دادەنرێت. شمەکێکی ئابوورییە وە دەتوانێت بەرهەمێکی باش بێت بۆ زیاد کردنی داهاتی نەتەوەی. خواستێکی زۆری لەسەرە بە تایبەت لە وەرزی گەرما و گەشت وگوزاردا، وە ئەم خواستە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لەزیاد بوون دەکات. (ناوەندەیی،ل78، 2016) سەبارەت بە کارگەکانی ئاوی کانزای ناچەی لێکۆڵینەوە(15)کارگە بوونیان هەبووە. **پیشەسازی خواردنەوە ناکحولیەکان:** (22)کارگە. سەرجەمی ژمارەی کارگەکانی ئەم لقە پیشەسازیە (40) کارگە بووە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە ڕێژەی (3.94%) لە کۆی گشتی لقەکان. ئەم لقە پیشەسازی لە ڕووی سەرمایە وەبەرهێنان بە ڕیزبەندی یەکەم دێت بەبڕی(160,171,293)دۆلاری ئەمریکی بەڕێژەی (25.04%) بەبەراورد بە لقەکانی تر سەرمایە گوزاری کردوو، هەروەها بە ڕیزبەندی دووەم دێت لە ڕووبەری زەوی بەکارهاتووی پیشەسازی خۆراک بە (1,302,157)م2 بە ڕێژەی (28.06%) بە بەراورد بە لقەکانی تر. هەروەها ڕیزبەندی یەکەمی وەرگرتووە لە تێکڕای گرنگی ڕێژەی بە ڕێژەی (17.99%) بووە، لە کۆی تێکڕای گرنگی ڕێژەی لقەکانی تر هەروەک لە شێوەی (1) بەرونی دەرخراو.

2. **بەرهەمەکانی سپیایی (شیرەمەنی):** پیشەسازی شیرەمەنی کۆمەڵێکی فراوان لە بەرهەمی خواست لەسەری گرنگ لە خواردنی مرۆڤ بەرهەمەکانی شیرەمەنی شیری خەست، شیری پاککراو، ماست، پەنیر، ماستاو، ئایسکرێم... هتد. پیشەسازی بەرهەمهێنانی شیرەمەنی تەواوکەرە لەگەڵ کەرتی کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ وە هەروەها تەواوکەرە لەگەڵ پیشەسازی بەروبومەکانی کاغەز و کارتۆن و قتو و بوتلی پلاستیک و شووشە و داپۆشین کە بەکاردێنێت. ئەم پیشەسازیە یەکێکە لە گرنگترین پیشەسازیەکانی خۆراک.( مبارک،ص18، 2006) **پیشەسازی ماست و پەنیر:** (17) کارگە، **پیشەسازی ئایسکرێم:** (31 )کارگە بوونیان هەبووە. سەرجەمی کارگەکانی ئەم لقە (48) کارگەیە بەڕێژەی ( 4.72%) لە کۆی گشتی کارگە خۆراکیەکان پێک هێناوە، ئەم لقە پیشەسازیە لە ڕووی بەگەڕخستنی دەستی کار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پلەی یەکەمی هەبووە کە (1540) کرێکار بەڕێژەی (66% .19) لە کۆی کرێکارانی لقەکانی تر. هەر هەمان لقی پیشەسازی لە ڕووی سەرمایەی وەبەرهێنان بە ڕیزبەندی دووەم دێت بەبڕی (129,379,682) دۆلاری ئەمریکی بەڕێژەی (23% .20) بەبەراورد بە لقەکانی تر سەرمایە گوزاری کردوو، هەروەها ڕیزبەندی دووەمی وەرگرتووە لە تێکڕای گرنگی ڕێژەی بە ڕێژەی (16.23%) بووە، لە کۆی تێکڕای گرنگی ڕێژەی لقەکانی تر.

3. **دروستکردنی نان و سەمون و جۆرەکانی نان:** جۆری کارگەکانی پیشەسازی سەمونی بەردی،سەمونی تۆماتیک، کولێرە،نانی فڕن، نانی تیری،نانی لبنانی، نانی ئێرانی... هتد جۆری بەرهەمەکەی پشت دەبەستێ بە لێهاتووی دەستی کار. ئەم جۆرە پیشەسازی لە هەموو وولاتانی جیهان گۆڕاوە لە پیشەسازیەکی باو کە خاوەنی نانەوا خانەکە دەیکات بۆ داینکردنی پێویستی ڕۆژانە بۆ پیشەسازیەکی هونەری و زانستی، بە مەبەستی پێشخستنی بەرهەمەکان و گەیاندنی بۆ خەڵک بە جۆر و بڕەکەی. (538)کارگە بە هەموو جۆرە جیاوازەکانی بەرهەمیان هەبووە، بەپلەی یەکەم دێت لە زۆری ژمارەی کارگەکانی بەڕێژەی (95% .52) لە کۆی گشتی لقەکانی تر.

4. **بەرهەمهێنانی خۆراکی ئامادەکراو بۆ ئاژەڵ و پەلەوەر:** ئەم لقەی پیشەسازی پێکهاتووە لەکارگەکانی ئالیکی ئاژەڵی و پەلەوەری. پیشەسازی ئالیک Feed : یەکێکە لە لقە سەرەکی و گرنگەکانی پیشەسازی خۆراک بە هۆی پەیوەندی و تەواوکەری لەگەڵ پەرەپێدانی سامانی ئاژەڵی وە ئەوەی بەرهەم دەهێنێت لە بەرهەمەکانی خواردنی مرۆڤ لە گۆشتی سور، سپی، هێلکە، سپییای و پێکهاتەکانی ئەمە یەک لە کردارەکانی کە کاریگەری دەبێت لە سەر تێچوونی بەرهەمهێنان گرنگی ئەم پیشەسازیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەم چەند ساڵەی دوای دەستی پێکردووە لە ئێستادا گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت بەهۆی زیاد بوونی بەرهەمی ئاژەڵی زۆر بوونی داواکاری لەسەر، (26) کارگە بوونیان هەبووە، بەڕێژەی (2.56%) لە کۆی گشتی کارگە خۆراکیەکان پێک هێناوە. ئەم لقە پیشەسازیە بە ڕیزبەندی یەکەم دێت کە زۆرترین ڕووبەری زەوی لێ بەکارهاتووە بە (1,593,365)م$^2$ بە ڕێژەی (34.34%) بە بەراورد بە لقەکانی تر.

**خشتەی (1)پێکهاتە و تێکڕای گرنگی ڕێژەیی لقەکانی پیشەسازی خۆراک لە پارێزگای هەولێر2020**

| ز | ISIC | جۆری بەرهەم | ژمارەی کارگە | % | ژمارەی دەستی کار | % | سەرمایە $ | % | ڕووبەر م2 | % | تێکڕای گرنگی ڕێژەیی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .1 | 1511 | ئامادەکردن و پاراستنی گۆشت و بەرهەمە گۆشتییەکان | 15 | 1.48 | 237 | 3.03 | 2,496,000 | 0.39 | 19,004 | 0.41 | 1.33 | 10 |
| .2 | 1513 | ئامادەکردن و پاراستن وشوکردنی سەوزەوات(ڕووەک) | 99 | 9.74 | 1432 | 18.28 | 90,540,500 | 14.16 | 350,762 | 7.56 | 12.44 | 5 |
| .3 | 1514 | بەرهەم هێنانی زەیت و ڕۆنی ڕووەکی ئاژەڵی | 26 | 2.56 | 297 | 3.79 | 116,966,000 | 18.29 | 104,980 | 2.26 | 6.73 | 7 |
| .4 | 152 | بەرهەمەکانی سپیایی (شیرەمەنی) | 48 | 4.72 | 1540 | 19.66 | 129,379,682 | 20.23 | 942,182 | 20.30 | 16.23 | 2 |
| .5 | 1531 | دروستکردنی بەرهەمەکانی هاڕینی دانەوێڵە | 33 | 3.25 | 339 | 4.33 | 29,436,000 | 4.60 | 113,163 | 2.44 | 3.66 | 8 |
| .6 | 1533 | بەرهەمهێنانی خۆراکی ئامادەکراو بۆ ئاژەڵ و پەلەوەر | 26 | 2.56 | 728 | 9.29 | 87,343,000 | 13.66 | 1,593,365 | 34.34 | 14.96 | 4 |
| .7 | 15411 | دروستکردنی نان و سەمون و جۆرەکانی نان | 538 | 52.95 | 759 | 9.69 | 8,493,500 | 1.33 | 15,465 | 0.33 | 16.08 | 3 |
| .8 | 15412 | دروستکردنی کێک و پاقلاوە(هەویرکاری) | 150 | 14.76 | 1189 | 15.18 | 13,709,500 | 2.14 | 153,585 | 3.31 | 8.85 | 6 |
| .9 | 154926 | دروستکردنی بەفر | 35 | 3.44 | 103 | 1.31 | 856,000 | 0.13 | 34,040 | 0.73 | 1.40 | 9 |
| .10 | 1554 | بەرهەمهێنانی خواردنەوە گازییەکان و ئاوی کانزایی و ناکحولیەکان | 40 | 3.94 | 1168 | 14.91 | 160,171,293 | 25.04 | 1,302,157 | 28.06 | 17.99 | 1 |
| .11 | 24299 | بەرهەم هێنانی خوێ و دەستەکردنی خوێی خۆراک | 6 | 0.59 | 42 | 0.54 | 240,000 | 0.04 | 11,755 | 0.25 | 0.36 | 11 |
| | | کۆی گشتی | 1016 | 100 | 7834 | 100 | 639,631,475 | 100 | 46,40,458 | 100 | 100 | |


**سەرچاوە:ئامادەکردنی لەلایەن توێژەر بە پشت به سەرچاوەکانی:**

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەجوومەنی وەزیران، دەستەی وەبەرهێنان، بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەو زانیاری،2020
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان/هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی شارو ناوچە پیشەسازیەکان ،2020
3. حکومەتی هەرێمی کوردستانی، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و بەدواداچوون،بەشی پلان دانان،2020
4. حکومەتی هەرێمی کوردستانی، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی،بەشی پلان دانان،2020
5. حکومەتی هەرێمی کوردستانی، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی،بەشی پلان،2020
6. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر ،بەشی ئاماری پیشەسازی2020

7. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی، بەڕێوەبەرایەتی دروستکراوی دانەوێڵە، لقی هەولێر،هۆبەی ئەفراز،2020
8. سەردانی مەیدانی،2020

5 . **ئامادەکردن و پاراستن و قتوکردنی میوەو سەوزەوات:** لەجۆرەکانی پیشەسازی ئەم لقە وەک **دۆشاوی تەماتە:** لە ناوچەی لێکۆڵینەوە(2)کارگەی دۆشاوی تەماتە ، **سرکە:** (5)کارگە، **تورشی:** (11) کارگە، **جبس:** (34)کارگە، **چەرەز:** (47)کارگە کاریان کردووە. سەرجەمی کارگەکانی ئەم لقە (99) کارگەیە بەرێژەی( %9.74) لە کۆی گشتی کارگە خۆراکیەکان پێک هێناوە، ئەم لقە پیشەسازیە لە ڕووی بەگەڕخستنی دەستی کار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پلەی دووەمی هەبووە کە (1432) کرێکای بەگەڕ خستووە بەڕێژەی (%28 .18) لە کۆی کرێکارانی لقەکانی تر.

**شێوەی (1) پێکهاتە و تێکڕای گرنگی ڕێژەیی لقەکانی پیشەسازی خۆراک لە پارێزگای هەولێر2020**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بە خشتەی ژمارە (1)**

6 . **دروستکردنی کێک و پاقلاوە(هەویرکاری):** لە جۆرەکانی پیشەسازی کێک و شیرینی و پاقلاوە دەگرێتەوە، (150)کارگە بەجۆرە جیاوازەکانی بەرهەمیان هەبووە بە پلەی دووەم دێت لە بوونی ژمارەی کارگەکانی بەرێژەی (%14.76) لە کۆی گشتی لقەکان.

7 . **بەرهەم هینانی زەیت و ڕۆنی ڕوەکی ئاژەڵی:** چەند جۆرێک لە پیشەسازی دەگرێتەوە وەک **پیشەسازی ڕۆن:** هەموو جۆرەکانی ڕۆن و زەیت لە خۆ دەگرێت وەک ڕۆن و زەیتی زەیتون، گەنمەشامی، 4 کارگە لە زەیتی زەیتون و گوڵەبەرۆژە **تحين:** (22)کارگە بەرهەمیان هەبووە. سەرجەمی کارگەکانی ئەم لقە (26) کارگە بوە بەرێژەی ( %2.56) لە کۆی گشتی کارگە خۆراکیەکان پێکهاتوە.

8 . **دروستکردنی بەرهەمەکانی هارینی دانەوێڵە:** پێکهاتوە لە بەرهەمەکانی **پیشەسازی هارینی دانەوێڵە(ئاش):** ئارد ودانەوێڵە لە بروێش و ساوار و... هتد. لە پیشەسازیە گەنگەکان دادەنرێت لەبەر پەیوەندی ڕاستەوخۆ وەکو کەرستەیەکی خاو بەکاردێت لە بەشێک لە پیشەسازیە خۆراکیەکان وەک پیشەسازی نان و سەمون و هەندێک لە پیشەسازیەکانی تری خۆراک کە پێداویستی ڕۆژانەی خەڵک دابین دەکات. (29) کارگە **پیشەسازی بەهارات:** (4) کارگە بەرهەمیان هەبووە. سەرجەمی کارگەکانی ئەم لقە (33) کارگەیە بەرێژەی( %3.25) لە کۆی گشتی کارگە خۆراکیەکان پێک هێناوە.

9 . **دروستکردنی بەفر:** لە پیشەسازییە خۆراکیە وەرزیەکانە، بەتایبەت لە وەرزی هاوین لە ناوچەی لێکۆڵینەوە خواستی ڕۆژانەی زۆر لەسەرە، بۆ بەرهەمهێنانی پێویستی بە بڕێکی زۆر لە ئاو هەیە کە وەک کەرستەیەکی خاوی سەرەکی ئەم پیشەسازیە. بە چەند شێوەیەک دروست دەکرێت بە شێوەی قالب کە کێشی هەر قالبێک(125)کغم ە یان بەشێوەی چوارگۆشەی بچووک بە قەبارەی جیاواز. مەرجە لە پیشەسازی بەفر ئەو ئاوەی بەکاردێت بە پێ ی تایبەت مەندیەکانی پێوەری ئاوی خواردنەوەی بوتل کراو بێت.(المملكة العربية السعودية،المؤسسة العامة للتدريب التقنيوالمهني،دليل تخصيص سلامة الاغية،2008). (35) کارگە بەرهەمیان هەبووە، بەڕێژەی (%3.44) لە کۆی گشتی لقەکانی تر.

10 . **ئامادەکردن و پاراستنی گۆشت و بەرهەمە گۆشتیەکان:** چەند جۆرێک لە پیشەسازی خۆراک دەگرێتەوە لە بەرهەمەکانی گۆشت وەک قیمە و گۆشتی ئامادەکراو،شاورمە، کوبە و... هتد. لە پارێگای هەولێر(15) کارگە بەرهەمیان هەبووە بە ڕێژەی (%1.48) کۆی گشتی لقەکانی تر.

11 . **بەرهەم هینانی خوێ و دەستەکردنی خوێ خۆراک:** ئەم لقە ریزبەندی کۆتایی وەرگرتووە لە تێکڕای گرنگی ڕێژەیی بە ڕێژەی (%0.36)،بە هۆی ئەوەی کەمترین ژمارەی کارگە کە (6)کارگە بە ڕێژەی (%0.59)، کەمترین دەستی کاری بەگەڕخراو (42)کرێکار بەڕێژەی (%0.54)، وە کەمترین سەرمایەی وەبەرهێنان بەبڕی (240,000) دۆلاری ئەمریکی بەڕێژەی (%0.04)، هەروەها کەمترین ڕوبەری زەوی بەکارهاتوی پیشەسازی بە (11,755)م2 بە ڕێژەی (%0.25) بە بەراورد بە لقەکانی تر لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

## تەوەری سێیەم:دابەشبونی جوگرافی پیشەسازیە خۆراکیەکان لە پارێزگای هەولێر

بۆ ڕوونکردنەوەی شێوازو چۆنیەتی دابەشبونی لقەکانی پیشەسازی خۆراک لە پارێزگای هەولێر بە پشت بەستن بە قەزاکان، بەباشی دەزانین لەسەر بنەمای ئەو پێوەرانەی کە باوە لە هەرێمی کوردستان بەکاربهێنین لە دابەشبونی شوێنی پیشەسازیە خۆراکیەکانیەکان بەم شێوەی خوارەوە:

### یەکەم:دابەشبون بەپێ ی پێوەرە پیشەسازیە خۆراکیەکان

هەڵسەنگاندن و بەرەوپێش چوونی پیشەسازی بەپێ ی سیستەمی ئابوری حوکمڕانی وە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر جیاوازە کە جەخت لەسەر کام پێوەر بۆ بەڕێوەبردنی پیشەسازی لە وڵات بکات، جێگایی ئاماژەیە کە چەندین پێوەر هەن بۆ هەڵسەنگاندنی پیشەسازی. لێرەدا توێژەر هەڵدەستێ بە شیکردنەوە و دابەشبون بەشێک لە پێوەرە پیشەسازیەکان لەسەر ئاستی یەکە کارگێریەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە وەک لە خشتەی ژمارە (2) بەدەردەکەوێت.

## 1. پێوەری ژمارەی کارگەی پیشەسازی Industrial Manufacturing Number

ئەم پێوەرە بە ئاسانترین پێوەری زاندراوە لە پیشەسازی دا بۆ جیاکردنەوەی قەبارەی کارگەکان وە پێوانەکردنی چالاکی پیشەسازی، لە ڕوانگەی لۆژیکیەوە ئەم پێوەرە گرنگی یەکی کەمی هەیە ئەگەر بێت و قەبارەی ئەم دامەزراوانە پەیوەست نەکرێت بە ژمارەی کرێکاران یان تێکڕای بەهای زێدەکی (Added Value) بۆ هەر کارگەیەک وەیان بە تێکڕای سەرمایەکانی وەبەرهێندراو تێیدا.(فضيل، ص33،1989)ئەم پێوەرە بە کەمترین بەکاردێت بە هۆی ئەوەی ئەنجامی وردو دەقیقمان دەست ناکەوێت.(العبادي،ص23، 2019)جگە لەوەی ئەم پێوەرە وەک پێوەری بەرهەمهێنان خۆی بە شێوەیەکی تەواو وە فیزیکی لە بەرامبەر کارگەکاندا نابینێتەوە. (Mustafa, p534, 2014)جێگای ئاماژە پێکردنە کە ئەم پێوەرە زیاتر لەلایەن حکومەتەکان وە سیاسیەکان بەکار دەهێندرێت بۆ نیشاندانی بەرەو پێش چوونی پیشەسازیەکان.

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەی کارگەکانی پیشەسازی خۆراک (1016) کارگە بووە وە بە ڕیزبەندی یەکەم (62.11%) قەزای ناوەند داگیر کردووە، بە ڕیزبەندی دووەم دەشتی هەولێر (16.44%) وە بەڕیزبەندی کۆتا (0. 30%) هەریەک لە قەزاکانی مێرگەسۆر و چۆمان بووە، لە کۆی گشتی کارگەکان، هەروەک دەبینین زۆرترین پیشەسازی خۆراک کەوتە قەزای ناوەندی هەولێر بەراوردێک بکەین لەگەڵ قەزا بچوکەکان هەروەک لە شێوە و نەخشەی(2) دەردەکەوێت ئەمەش بۆ ئەو گرنگی دانەی حکومەتی هەرێم بە فراوانکردنی ناوچەی باکور وە ناوچەی پیشەسازی کەزنەزان و بەحرکە وە هەروەها دامەزراندنی ناوچەی تیمار بووە، هەروەها زۆرترین ژمارەی دانیشتوان لە قەزای ناوەندی هەولێر بەدی دەکرێت پێک هاتووە لە (1,043,712)کەس بە ڕێژەی(46%)بەڵام قەزای چۆمان(34,492) کەس بووە بەڕێژەی (2%) کۆی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر بووە(دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان،2022) سەرەڕای ئەوەی توانای کڕین تارادەیەکی باش گونجاوترە بۆیە گەورەترین بازاڕەکانی پارێزگای هەولێر لە قەزای ناوەندی هەولێر کۆبۆتەوە، هەروەک دەزاندرێت بازاڕ دوولایەنی سەرەکی دەگرێتەوە، قەبارەی دانیشتوان و توانای کڕین کە بەستراوە بە ئاستی بژێویەوە. (سەعید، ل180، 2014) هەروەها بازاڕ ئاستی قەبارەی کاڵای بەرهەم دیاری دەکات بەر لە دروست کردنی کاڵاکان وە ئاستی بەرهەم و توانای بەرهەمیش دیاری دەکات، هەروەها بەشێکی زۆری بەرهەمە پیشەسازیە خۆراکیەکان واپێویست دەکات زوو بگاتە دەستی دانیشتوان، بگرە بەشێکیان ڕۆژانە هەروەها بەشێکی تریان توانایی بەرگە گرتنی هەڵگرتن و مانەوەی زۆر ناگرن.(العتبي، ص101،2021) قەزای ناوەندیش بەهۆی گەورەی قەبارەی بازاڕەوە وای کردووە زۆرترین ڕێژەی ئەم جۆرە کارگانە لەخۆ بگرێت، جگە لەوەی جۆری گواستنەوەش گرنگی یەکی زۆری هەیە بۆ هەڵبژاردنی شوێنی پیشەسازی،بەجۆرێک باشترین جۆری ڕێگا وە تێچونی گواستنەوەی کەم بێت.(فضيل،ص51،1989)وەکو دەبیندرێت قەزای ناوند بە بەراورد بە قەزاکانی تری پارێزگای هەولێر گرنگی یەکی زۆر زیاتری پێدراوە لەم ڕووەوە. سەرەڕای پایتەختی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە قەزای ناوەندەوە، ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بیانی لەخۆ بگرێت بە هۆکاری جیاواز، کە کاردەکاتە سەر زیادبوونی ڕێژەی بەکاربردنی بەرهەمە خۆراکیەکان لە ناوچەکە، بەمەش توانای بازاڕ بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمەکان زیاترە بەبەراورد بە یەکەکارگێڕیەکانی تر، سەبارەت بە قەزای چۆمان دەبینین سەرەڕای ژمارەی کەمی ژمارەی دانیشتوانەکەی، خەڵکەکە زیاتر گرنگی بە بواری کشتوکاڵ و بازرگانی سنوری حاجی ئۆمەران لەگەڵ ئێران داوە. جگە لە دووری شوێنی جوگرافیەکەی هەروەها بچوکی قەبارەی بازاڕی قەزای چۆمان بە بەراورد لەگەڵ قەزای ناوەندی هەولێر.

**خشتەی (2)**

**پێکهاتەی پیشەسازی خۆراک و دابەشبونی جوگرافیان بە پێی قەزاکان لە پارێزگای هەولێر 2020**

| ژ | قەزاکان | ژ. کارگە | % | ژ.کرێکار | % | سەرمایە $ | % | رووبەر م2 | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .1 | قەزای ناوەند | 631 | 62. 11 | 4526 | 57. 77 | 391,595,026 | 61. 22 | 1,263,677 | 27. 23 |
| .2 | دەشتی هەولێر | 167 | 16. 44 | 1858 | 23. 72 | 153,050,657 | 23. 93 | 2,076,246 | 44. 74 |
| .3 | مەخمور | 13 | 1. 28 | 58 | 0. 74 | 1,063,500 | 0. 17 | 99,700 | 2. 15 |
| .4 | سۆران | 46 | 4. 53 | 188 | 2. 40 | 2,221,500 | 0. 35 | 9,340 | 0. 20 |
| .5 | شەقلاوە | 50 | 4. 92 | 394 | 5. 03 | 4,203,000 | 0. 66 | 71,005 | 1. 53 |
| .6 | خەبات | 45 | 4. 43 | 495 | 6. 32 | 60,661,550 | 9. 48 | 1,054,765 | 22. 73 |
| .7 | کۆیە | 49 | 4. 82 | 185 | 2. 36 | 78,20,000 | 1. 22 | 22,385 | 0. 48 |
| .8 | مێرگەسۆر | 3 | 0. 30 | 49 | 0. 63 | 15,849,242 | 2. 48 | 37,500 | 0. 81 |
| .9 | چۆمان | 3 | 0. 30 | 18 | 0. 23 | 419,000 | 0. 07 | 2,220 | 0. 05 |
| .10 | رواندوز | 9 | 0. 89 | 63 | 0. 80 | 2,748,000 | 0. 43 | 3,620 | 0. 08 |
| کۆی گشتی | | 1016 | 100 | 7834 | 100 | 639,631,475 | 100 | 4,640,458 | 100 |

**سەرچاوە:ئامادەکردنی لەلایەن توێژەر بە پشت بە سەرچاوەکانی:**

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەجوومەنی وەزیران، دەستەی وەبەرهێنان، بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەو زانیاری،2020
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان/هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی شارو ناوچە پیشەسازیەکان ،2020
3. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراو، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و بەدواداچوون،بەشی پلان دانان،2020
4. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراو، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی،بەشی پلان دانان،2020
5. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی،بەشی پلان،2020
6. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر،بەشی ئاماری پیشەسازی2020
7. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی، بەڕێوەبەرایەتی دروستکراوی دانەوێڵە، لقی هەولێر،هۆبەی ئەفران،2020
8. سەردانی مەیدانی،2020


## 2. پێوەری ژمارەی دەستی کار (Labor Criteria)

ئەم پێوەرە لە پێوەرە سەرەکیەکانە کە لە ڕێگەی ئەو دەتوانرێت ئەو گۆرانکاریانەی کە بەسەر ئابوری نیشتمانی یان پیشەسازی خۆراک دادێت بزاندرێت، تێبینی دەکرێت کە کاریگەری هێزی کار بەژدار دەبێت لە گەشەی ئابوری وڵاتە پێشکەوتووەکان بە ئاستی بەژداری بوونی سەرمایە. (النجار و كاظم،ص10 2017)

ناوچەی لێکۆڵینەوە لە 2020 دا ڕێژەیەکی بەرز لە چینی گەنج لەخۆدەگرێت کە ژمارەیان (1,341,925) کەسە بە ڕێژەی ( %59.5241 ) پێک دێنێت کە تەمەنیان لە نێوان (15-64)ساڵە بە بەراورد بە ڕێژەی چینەکانی تری تەمەن لە پارێزگای هەولێر پێک دێنێت بەشێوەیەک کە (60%)ی لە کۆی دانیشتوانی شارنشین وەلە (56%) لەکۆی دانیشتوانی لادێنشین پێکدێن لە هەردوو ڕەگەز.(دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان،2020) بەرزی ئەم ڕێژەیەش بایەخ و گرنگی زۆری هەیە لەبواری ئابوریدا بەتایبەت لەبواری پیشەسازیدا، چونکە ئەم گروپە بەهێزی کار دەناسرێت و بەخێوکردنی هەردوو گروپەکەی تری دەکەوێتە ئەستۆ.

**شێوەی ( 2 )**

**پێکهاتەی پیشەسازی خۆراک و دابەشبوونی جوگرافییان بەپێی قەزاکان لە پارێزگای هەولێر 2020**




| | قەزای ناوەند | دەشتی هەولێر | مەخمور | سۆران | شەقلاوە | خەبات | کۆیە | میرگەسۆر | چۆمان | ڕواندوز |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کارگە | 62.11 | 16.44 | 1.28 | 4.53 | 4.92 | 4.43 | 4.82 | 0.3 | 0.3 | 0.89 |
| کرێکار | 57.77 | 23.72 | 0.74 | 2.4 | 5.03 | 6.32 | 2.36 | 0.63 | 0.23 | 0.8 |
| سەرمایە | 61.22 | 23.93 | 0.17 | 0.35 | 0.66 | 9.48 | 1.22 | 2.48 | 0.07 | 0.43 |
| ڕووبەر | 27.23 | 44.74 | 2.15 | 0.2 | 1.53 | 22.73 | 0.48 | 0.81 | 0.05 | 0.08 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بە خشەی ژمارە ( 2 )**

بەشێوەیەکی گشتی هەڵی کاری ڕەخساو لەکارگەکانی پیشەسازی خۆراک لە پارێزگای هەولێر (7834) کرێکار بووە، بە ڕیزبەندی یەکەم (57.77%) قەزای ناوەند لە خۆی گرتووە، بە ڕیزبەندی دووەم دەشتی هەولێر (23.72%) وە بە ڕیزبەندی کۆتا (0.23%) قەزای چۆمان بووە، لە کۆی گشتی کارێکاران، هەروەک دەبینین زۆرترین دەستی کاری بەگەڕخراوی پیشەسازی خۆراک کەوتە قەزای ناوەندی هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی کارگەکان و هەروەها ئەوهۆکارەنەی لە سەرەوە باسکران.

**نەخشەی ژمارە(1)**

**دابەشبوونی جوگرافی ژمارەی کارگە و کرێکاران بەپێی قەزاکان لەپارێزگای هەولێر2020**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی Arc GIS 10.8 پشت بەست بە حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی GIS،2020**

### 3. پێوەری سەرمایە (capital criteria)

ئەم پێوەرە واتا بڕی سەرمایەی وەبەرهێنراو بۆ هەر چالاکیەکی پیشەسازی دیاری دەکا. ئەمەش بۆ کڕینی ئامێرو کەلو پەلی بەرهەمهێنان و سازکردنی بینا وکڕینی کەرستەی خاو، تێچوی گواستنەوە... هتد. دەگرێتەوە. ئەو پێوەرەیە کە خواست لەسەر سەرمایە زیاد دەکات لە پیشەسازی لەگەڵ دروستکردنی پرۆژە نوێیەکان و فراوانکردنی یان لە کاتی بەکارهێنانی شێوازی هونەری پێشکەوتووتر بۆیە بەرەوپێشچونی پیشەسازی دەبەسترێتەوە بە بڕی پارەی وەبەرهێنان لە پیشەسازی بە مەرجی (ئاستی بەکارهێنان) (یان ئاستی دەستەبەسەرداگرتن) (واتا زیادکردن و باشکردنی یەکە بەرهەمهێنەرەکان بە شێوەیەک گەورەتر بێت لە زیادکردنی وەبەرهێنان و یەکەکانی سەرمایە)، لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زیادکردنی پارەی وەبەرهێنەر ئاماژە بەپێشکەوتن و بەرەوپێشچونی پیشەسازییە. بەمانای ئەنجامەکانی کاریگەری وەردەگرێت بەتایبەتی لەبەر ئەوەی بەهای پارەو جۆری تەکنیکی بەکارهێندراو و ئاستی نرخ کاریگەری دەبێت لەسەر بڕی

وەبەرهێنان.(التميي،ص18، 1981)سەرمایەی وەبەرهێندراو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە سەرەڕای هاتنی داعش و هەبوونی کێشەی حکومەتی هەرێم لەگەڵ بەغدا لە ڕووی ئیداری و سیاسیەوە وە نەناردنی بوودجەی هەرێم لە بەغداوە، وەهەروەها ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەرتاسەری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2017، وە هاتنی پەتای کۆشندەی کۆرۆنا لە کۆتایی ساڵی 2019بۆ 2020، دابەزینی نرخی نەوت وەهەروەها زیاد بوونی هەڵئاوسانی بازاڕی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 کۆی گشتی سەرمایە(639,631,475)دۆلاری ئەمریکی بووە لە پارێزگای هەولێر، وە بە شێوەیەکی بەردەوام قەزای ناوەندی هەولێر ڕیزبەندی یەکەم (61.22%) وە قەزای دەشتی هەولێر ڕیزبەندی دووەم بە ڕێژەی (23.93%) کۆی گشتی سەرمایەی وەبەرهێندراوی هەرێمی کوردستان، وە کەمترین ڕێژە لە قەزای چۆمان بە ڕێژەی (0.07%) بووە. هەر وەک لە شێوەو نەخشەی (2) دەبیندرێت.

## 4. پێوەری ڕووبەر

کارگەکانی پیشەسازی خۆراک پێویستی بە ڕووبەرێکی دیاریکراوی زەوی هەیە لەکاتی دامەزراندنی هەروەها بۆ کۆگاکردن و داگرتنی کاڵاکان و بارکردن سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی ڕووبەرێکی زیاد بۆ فراوانکردنی لە ئایندەدا.( شریف و رسول و دهش،ص98 ،1981) پیشەسازییە گەورەو قورسەکان پێویستیان بەڕووبەری فراوان هەیە بۆ کردارەکانی پیشەسازی. جێگای ئاماژەیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە بەر نەبوونی پێوەرێکی ڕاست و دروست وە ئاشکرا لە دابەشکردنی زەوی پیشەسازی لەلایەن حکومەتی هەرێم/وەزارەتی شارەوانی، گەشت وگوزار وە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، نەتواندراوە ڕووبەر وەک پێوەرێکی هەڵسەنگاندنی پێکهاتەی پیشەسازی پشتی پێ ببەسترێت.


سەبارەت بە ڕووبەری پارێزگای هەولێر بە پلەی دووەم دێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەدوای پارێزگای سلێمانی کە ڕووبەرەکەی پێک هاتووە لە (14746.067) کم$^2$، کەبە ڕێژەی (17.58%) ی ڕووبەری هەرێمی کوردستانی عێراق و ڕێژەی (3.3638%) لە ڕووبەری عێراق پێکدێنێت. وە قەزای مەخمور خاوەنی گەورەترین ڕووبەرە( 2677.08)کم$^2$، بە ڕێژەی (18.1545%) وە قەزای ڕەواندز خاوەنی بچوکترین ڕووبەرە (363 .494)کم$^2$ کە تەنها بەڕێژەی (3.35251%) لە ڕووبەری گشتی پارێزگای هەولێر پێک دێنێن. (بەکارهێنانی بەرنامەی ArcMap 10. 801، پشت بەستن بە Base Map)

سەبارەت بە ڕوبەری زەوی بەکارهاتوو لە بواری پیشەسازی خۆراک بە گشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (4,640,458)م$^2$ بووە وە ڕیزبەندی یەکەم قەزای دەشتی هەولێر ڕوبەری بەکارهێندراوی کارگەکانی پیشەسازی خۆراک (2,076,246)م$^2$ بە ڕێژەی(44.74%)، وەقەزای ناوەندی هەولێر لە ڕیزبەندی دووەم (1,263,677)م$^2$ بە ڕێژەی (27.23%) وە کەمترین ڕێژەی زەوی بەکارهاتو لە قەزای چۆمان بەدی دەکرێت بە ڕێژەی(2,220)م$^2$ بە ڕێژەی (0.05%) بووە.

هەروەها دەبینین کە نرخی زەوی لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر جیاوازە، لە ناو شار بەرزترە تا دەرەوەی شار، وەک ئاشکرایە ئەو پیشەسازیانەی لە ناو سەنتەری شار وبازاڕ و شوێنە قەڵەباڵغەکان ڕووبەری زەویەکانیان بچووکە،نرخیشیان بەرزە، لەبەر زۆری داواکاری لەسەر بەرهەماکان تواناى بەرهەمهێنانی تێدا بەرزە، بەپێچەوانەی ناوچە کەم ئاوەدان و دوورە دەستەکان، نرخی زەوی لە قەزای ناوەند و دەشتی هەولێر بە بەراورد لەگەل قەزاکانی تر زۆر بەرز بووە، وەهەروەها حکومەتی هەرێم توانیویەتی زەوی کشتوکاڵی خاوەندارێتی کەسی وەربگرێتەوە وە بیکوژێنێتەوە وە،پۆلێنی بۆ پیشەسازی بگۆرێت بەڵام قەزا بچووکەکان بەهۆی نەبوونی تاپۆ وە کێشەی قورسایی پرۆسەی گۆرینی کشتوکاڵی بۆ پیشەسازی زیاتر کارگەکان لە قەزای ناوەندی هەولێر و دەشتی هەولێر پەرەیان سەندووە.

**نەخشەی ژمارە( 2)**

**دابەشبونی جوگرافی بڕی سەرمایە و ڕووبەری بەپێی قەزاكان لە پارێزگای هەولێر 2020**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی Arc GIS 10.8 پشت بەست بە حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی GIS،2020**

## دووەم:دابەشبونی جوگرافی بەپێ ی پێوەری قەبارەی پیشەسازیە خۆراکیەکان

هێنان ئەم پێوەرە دادەنرێت بە پێوەرە گرنگەکان بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەی پیشەسازی لەبەر ئەوەی قەبارەی پرۆژە کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەیە لە تێچوونی یەکەکانی بەرهەم هێنان وە لە سایەی باشترین سود وەرگرتنی دەرامەت. جۆرەها پێوەرمان هەیە کە پشتی پێ دەبەستین بۆ دەستنیشانکردنی قەبارەی پرۆژەکان ئەو پێوەرانەش دەگۆرێت لە ولاتێک بۆ ولاتیکی تر بە پێی جیاوازی تواناو باری ئابوری، لە لایەنی پراکتیکی پێویستە ئەو پێوەرە هەڵبژێردرێت کە گونجاوە لەگەڵ

تواناکانی ماددی و مرۆیی ئەو وولاتە. پێوەری ژمارەی کرێکار و سەرمایەی وەبەر هێنان لە هەموو پێوەرەکان گونجاوترە لە شیکردنەوەی پێکهاتەی پیشەسازی لەبەر بوونی پاساوی ئاماری و ئابوریان. سەبارەت بە ڕێنمایەکانی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان لە 2008 کارگەیەک لە 19 کرێکار زیاتر بەگەڕ بخات وە زیاتر لە(300,000)دۆلاری ئەمریکی وەبەرهێنان بکات پێ ی دەگوترێت پیشەسازی ستراتیژی، وە کارگەیەک 10-19 کرێکاری هەبێت وە لە(62,500 -300,000)دۆلار وەبەرهێنان بکات پێی دەگوترێت پیشەسازی قەبارە مام ناوەند، وە هەروەها لە 2-9 کرێکار بخاتە گەر سەرمایەی وەبەر هێنانی لە( 62,500 )دۆلاری ئەمریکی کەمتر بێت پێی دەگوترێت پیشەسازی قەبارە بچوک. (Mustafa, p535, 2014)

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە پشت دەبستێن قەبارەی دەستی کار بەگوێرەی یاسای هەرێمی کوردستان لە خشتەی ژمارە (3) بۆمان دەردەکەوێت کە قەزای ناوەندی هەولێر لە ڕیزبەندی یەکەم دایە بەڕێژەی (57.77%) وە دەشتی هەولێر بە ڕێژەی (23.72%) بە دووەم دێت وە چۆمان (0.23%) لە ڕیزبەندی کۆتایە لە بەگەڕخستنی ژمارەی دەستی کار. هەروەها لە شێوە و نەخشەی(3) دا قەبارەی کارگەکان دەبێندرێت بە سەر سێ قەبارە دابەشکراوە بەم شێوەی خوارەوە:

1. **قەبارە بچوک:** ئەو کارگانەی کە (2-9) کرێکاری بەگەر خستووە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەبینین کە بەڕێژەی (16.90%) کارگە بچووکەکان لە قەزای ناوەندی هەولێر بە ڕیزبەندی یەکەم دێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی فرنەکان. وە هیچ کارگەیەکی قەبارە بچوک لە قەزای مێرگەسۆر بەدی ناکرێت.
2. **قەبارە مام ناوەند:** ئەو کارگانەی کە (10-19) کرێکاری بەگەر خستووە کە بەڕێژەی (8.18%) کارگە قەبارە مام ناوەندەکان لە قەزای ناوەندی هەولێر بە ڕیزبەندی یەکەم دێت،وە هیچ کارگەیەکی قەبارە مام ناوەند لە قەزای ڕەواندوز بەدی ناکرێت.
3. **قەبارە گەورەکان:** ئەو کارگانەی کە(19) کرێکار بەسەرەوە بەگەر خستووە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەبینین کە بەڕێژەی (23.69%) کرێکاران لە کارگە بچوکەکان لە قەزای ناوەندی هەولێر بە ڕیزبەندی یەکەم دێت، وە هیچ کارگەیەکی گەورە لە هەریەک لە قەزاکانی سۆران ومەخمور و چۆمان بەدی ناکرێت.

ڕیزبەندی یەکەم لە قەزای ناوەنی هەولێر بۆ هەرسێ قەبارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگی دانەی حکومەتی هەرێم بە فراوانکردنی ناوچەی پیشەسازی باکور وە ناوچەی پیشەسازی کەسنەزان و بەحرکە وە هەروەها دامەزراندنی ناوچەی تیجار بووە، وە ئەگەر بەرراوردێک بکەین لەگەڵ قەزا بچوکەکان دەبینین نرخی زەوی لە قەزای ناوەند و دەشتی هەولێر بە بەراورد لەگەل قەزاکانی تر زۆر بەرز بووە، وەهەروەها حکومەتی هەرێم توانیویەتی زەوی کشتوکاڵی خاوەندارێتی کەسی وەربگرێتەوە وە بیکوژێنێتەوە وە،پۆڵێنی بۆ پیشەسازی بگۆرێت بەڵام قەزا بچووکەکان بەهۆی نەبوونی تاپۆ وە کێشەی قورسایی پرۆسەی گۆرینی کشتوکاڵی بۆ پیشەسازی زیاتر کارگەکان لە قەزای ناوەندی هەولێر و دەشتی هەولێر پەرەیان سەندووە.


**خشتەی ( 3) دابەشبوونی جوگرافی لەسەر بنەمای قەبارەی پیشەسازیە خوراکیەکان بەپێی قەزاکان لە پارێزگای هەولێر(2020)**

| ژ | قەزاکان | ژ. کرێکاری | % | ڕیزبەندی | بچووک | % | مامناوەند | % | گەورە | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .1 | قەزای ناوەند | 4526 | 57. 77 | 1 | 1324 | 16.90 | 641 | 8.18 | 2561 | 32.69 |
| .2 | دەشتی هەولێر | 1858 | 23. 72 | 2 | 225 | 2.87 | 351 | 4.48 | 1282 | 16.36 |
| .3 | شەقلاوە | 394 | 5. 03 | 4 | 114 | 1.46 | 35 | 0.45 | 245 | 3.13 |
| .4 | کۆیە | 185 | 2. 36 | 6 | 153 | 1.95 | 12 | 0.15 | 20 | 0.26 |
| .5 | سۆران | 188 | 2. 40 | 5 | 133 | 1.70 | 55 | 0.70 | - | - |
| .6 | خەبات | 495 | 6. 32 | 3 | 95 | 1.21 | 80 | 1.02 | 320 | 4.08 |
| .7 | مخمور | 58 | 0. 74 | 8 | 40 | 0.51 | 18 | 0.23 | - | - |
| .8 | رەواندوز | 63 | 0. 80 | 7 | 28 | 0.36 | - | - | 35 | 0.45 |
| .9 | چۆمان | 18 | 0. 23 | 10 | 6 | 0.08 | 12 | 0.15 | - | - |
| .10 | مێرگەسۆر | 49 | 0. 63 | 9 | - | - | 22 | 0.28 | 27 | 0.34 |
| کۆی گشتی | | 7834 | 100 | - | 2118 | 27.04 | 1226 | 15.65 | 4490 | 57.31 |

**سەرچاوە:ئامادەکردنی لەلایەن توێژەر بە پشت به سەرچاوەکانی:**

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەجوومەنی وەزیران، دەستەی وەبەرهێنان، بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەو زانیاری،2020
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان/هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی شارو ناوچە پیشەسازیەکان ،2020
3. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراو، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و بەدواداچوون،بەشی پلان دانان،2020
4. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراو، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی،بەشی پلان دانان،2020
5. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی،بەشی پلان،2020
6. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر،بەشی ئاماری پیشەسازی2020
7. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی، بەڕێوەبەرایەتی دروستکراوی دانەوێڵە، لقی هەولێر،هۆبەی ئەفران،2020
8. سەردانی مەیدانی،2020


**شێوەی (3)دابەشبونی جوگرافی لەسەر بنەمای قەبارەی پیشەسازیە خوراکیەکان بەپێی قەزاکان لە پارێزگای هەولێر(2020)**



| | قەزای ناوەندی | دەشتی هەولێر | شەقلاوە | کۆیە | سۆران | خەبات | مخمور | رەواندوز | چۆمان | مێرگەسۆر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کارگەی بچوک | 16.9 | 2.87 | 1.46 | 1.95 | 1.7 | 1.21 | 0.51 | 0.36 | 0.08 | 0 |
| کارگەی مام ناوەند | 8.18 | 4.48 | 0.45 | 0.15 | 0.7 | 1.02 | 0.23 | | 0.15 | 0.28 |
| کارگەی گەورە | 32.69 | 16.36 | 3.13 | 0.26 | 0 | 4.08 | 0 | 0.45 | 0 | 0.34 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشەی ژمارە ( 3 )**

**نەخشەی ( 3) دابەشبوونی جوگرافی لەسەر بنەمای قەبارەی پیشەسازیە خوراکیەکان بەپێی قەزاکان لە پارێزگای هەولێر(2020)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی Arc GIS 10.8 پشت بەست بە حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی GIS،2020**

## دەرئەنجامەکان

لە ئەنجامی توێژینەوەی دابەشبوون و شیکردنەوەی پیشەسازی خۆراکیەکان لە پارێزگای هەولێر گەیشتین بە چەند دەرەنجامێك:

1. سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگشتی پیشەسازی خۆراک بەرێژەی (25.03%) لە کۆی گشتی پیشەسازیەکانی تری پارێزگای هەولێر پێک دێنێت. بە پێی لقەکانی پیشەسازی پێکهاتووە لە (1016) کارگەی پیشەسازی خۆراک کە(7,834 )کرێکار ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت هەلی کاری بۆ ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکە ڕەخساندووە، وە بە بڕی(639631475)دۆلار سەرمایەی وەبەرهێنانیان سەرمایە گوزاریان کردووە، وە ڕووبەری گشی کارگەکان(4,640,458)م$^{2}$ بووە، کە بەشێوەیەکی جیاواز دابەش بووە بەسەر لقەپیشەسازیە خۆراکیەکان.
2. زۆرترین ژمارەی کارگەکانی پیشەسازی خۆراک لە جۆری دروستکردنی نان و سەمون و جۆرەکانی نان کە بە ڕێژەی (52.95%)لە کۆی جۆرەکانی تری لقە پیشەسازیە خۆراکیەکانی پاێزگا هەولێر پێک دێنێت.
3. کارگەکانی پیشەسازی خۆراک بەشێوەیەکی جیاواز دابەشبون بەسەر یەکە کارگێڕیەکان بە شێوەیەک زۆرترین ژمارەی کارگەکانی پیشەسازی خۆراک لە قەزای ناوەندی هەولێر کۆبۆتەوە بە ڕێژەی (62.11%) لە کۆی گشتی یەکەکارگێڕیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

## ڕاسپاردەکان

بەپشت بەستن بە دەرئەنجامەکانی توێژینەوە چەند ڕاسپاردەیەک دەخەینە ڕوو

1 . زیاتر گرنگی دان بە پیشەسازی خۆراک لە ڕێگەی بەشداری پێ کردنی کەرتی تایبەت لە پرۆسەی دەرچوونی یاسایەکانی حکومەت، چونکە کەرتی تایبەت هاوکاری سەرەکییە بۆ بوژاندنەوەی ئابووری کوردستان بۆ حکومەت. وە دابینکردنی سەرجەم خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، وە بەخشینی خاوەن کارگەکان لە باج و هەبوونی یاسای جیاواز لە نێوان پارێزگاکان بۆ باجی گومرگی. دابین کردنی بودجەی ساڵانە و پلان و ماستەر پلانی پێویست.

2 . زیاتر گرنگی دان بە دامەزراندنی جۆرەکانی تری پیشەسازی خۆراک بە تایبەت پیشەسازیە گەورەکان، کە هۆکارێکە بۆ بەکارهێنانی سەرمایە ناوخۆ و زیاتر ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتوان. پشت نەبەستن بە بەرهەمی هاوردە ئەمەش لە ڕێگەی هاندانی سەرمایەداران و ئاسانکاریەکان بێ جیاوازی.

3 . کارکردن بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازیە گەورەیەی لە دابەشبونی کارگە خۆراکیەکان بەسەر قەزاکان، کە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ڕێگری کردنی کۆچی لادێ بۆ شار.

## سەرچاوەکان

1. ابوريه، محمد عبدالمتجلي.( 2008).المشروبات الغازية والمياه المعباة، مجلة الصناعات الغذائية، العلوم والتقنية، الجزء الاول، عدد 87.
2. اسماعيل، احمد جليل.( 2013). التباين المكاني لانماط الاقليمية للصناعات الغذائية في محافظة اربيل، مجلة كلية الاداب، جامعة القاهرة،مصر، العدد
3. امين، فواد خالد سعيد.(2007) .توطن الصناعات الغذائية الرئيسية بمحافظة السليمانية (تحليل مكاني) باستخدام نظم المعلومات الجغرافيةGIS، رسالة ماجستير، جامعة الموصل، كلية التربية.

4. البوتاني، طلعت محمد طاهر عمر و اسماعيل، احمد جليل. (2020). دور الصناعات الغذائية في تحقيق الامن الغذائي (اقليم كوردستان العراق نموذجا).
5. التميمي، عباس علي.(1981 )النمو الصناعي في محافظة البصرة و نينوى، دار للنشر جامعة البصرة.
6. الجنابي،عبدالزهرةعلي.(2014). الجغرافية الصناعة، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.
7. حكومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان/هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی شارو ناوچە پیشەسازیەکان ،2020
8. حکومەتی هەرێمی کوردستان،سەرۆکایەتی ئەجوومەنی وەزیران، دەستەی وەبەرهێنان، بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەو زانیاری،2020
9. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی، بەڕێوەبەرایەتی دروستکراوی دانەوێڵە، لقی هەولێر،هۆبەی ئەفڕان،2020
10. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی،بەشی پلان،2020
11. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و بەدواداچوون،بەشی پلان دانان،2020
12. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی،بەشی پلان دانان،2020
13. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر،بەشی ئاماری پیشەسازی2020
14. حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی دانیشتوان بۆ داتاو زانیاری،2020
15. سەردانی مەیدانی،2020
16. سەعید، کامەران تاهیر.(2014) . جوگرافیای عێراق مرۆیی و چالاکی ئابوری، چ1،چاپخانەی نارین.
17. شريف،ابراهيم و رسول، احمد حبيب و دهش، السيد نعمان .(1981) جغرافية الصناعة، دار جامعة الموصل للنشر،بغداد.
18. العبادي، صادق علي سيد.(2019 ). تحليل جغرافي للصناعة في محافظة ميسان وافاقها، اطروحة دكتوراه، جامعة البصرة، كلية الاداب.
19. العتبي، حسين جميل كاظم.(2021 ). التحليل المكاني للتوطن لاصناعي في منطقة جميلة، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة المتنسرية.
20. فضيل، عبد خليل.(1989 ). دراسات في الجغرافية الصناعية، جامعة بغداد، كلية التربية، الطبعة الاولى،بغداد.
21. كريم، حلاو حسين.(2001). صناعات الغذائية في محافظة اربيل، رسالة ماجستير،جامعة صلاح الدين كلية الاداب.
22. مبارك، انعام قرشى.(2006). الصناعات الغدائية بدولة الامارات العربية المتحدة بين الواقع وتحقيق الامن الغذائي.
23. محمد، فارس مهدي.(2006 ). الصناعات الغذائية الكبيرة في العراق، اطروعة دكتوراه، جامعة البصرة، كلية الاداب.
24. المملكة العربية السعودية،المؤسسة العامة للتدريب التقنيوالمهني،دليل تخصيص سلامة الاغية(الصناعات الغذائية)،2008.
25. ناصر، محمد اسماعيل حسن.(2019 ). التحليل المكاني للصناعات الغذائية في قظاء كركوك، اطروحة دكتوراه، جامعة تكريت، كلية التربية للعلوم الانسانية.
26. ناوەندەیی، عبد الرزاق عثمان.(2016). ژینگەی ئابووری پیشەسازی لە هەرێمی،چاپخانەی هەڤاڵ،هەولێر.
27. النجار ، يحيى غني و كاظم، رياض جواد.(2017). واقع الصناعة التحويلية في العراق واستراتيجيات النهوض بها (روية مستقبلية)، مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة، عدد 50.
28. وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون،پۆلێنکردنی کارگەکانی پیشەسازی بە پێی ISIC 3. 1، 2008.
29. يونس، ياسين رسول.(2005 ). تحليل مسار الصناعات التحويلية في محافظة اربيل للمدة 1975-2002، اطروحة، جامعة صلاح الدين، كلية الادارة والاقتصاد.
30. Baldwin, C. (2009). Sustainability in the food industry. Ames, Iowa: Wiley-Blackwell.
31. Mustafa, R. O. (2014). Developing economies, Evaluation of Manufacturing Industrial development and a Model for Industrial Development for a Case of Kurdistan Region/Iraq (Doctoral dissertation, Paris, EHESS).
32. Sadiku, M.N.O., Musa, S.M. and Ashaolu, T.J. (2019). Food Industry: An Introduction. International Journal of Trend in Scientific Research and Development, Volume-3(Issue-4), pp. 128–130. doi:10.31142/ijtsrd23638.
33. Vieira, E.R. (1996). Elementary food science. New York, N.Y.: Chapman & Hall.

**Abstract:**

Components of food Industry and their geographical distributions in Erbil governorate

Food industry is one of the most significant activities of economic development, providing an increase in an individual's income, creating job opportunities, and mitigating unemployment. In addition to being one of the important and valuable needs, Food industry and its proper distribution are considered as the cause of economic, political, social, and

cultural progression and the backbone for the development of provinces and regions in the country, filling out the needs of population as well as being the link between sectors and source of operating natural and human-made incomes. The main aim of the research is to study the geographical distribution of food industry branches and revealing the differences existing among the districts. On the other hand, the research evaluates and explains the components of food industry.

The problem of the research lies in the imbalance of the geographical distribution of food industry branches and types among the administrative units selected in the research. Components of food industry and their geographical distributions in Erbil governorate are divided into three themes: The concept of food industry and its significance, the second theme is the analysis of food industry structure in Erbil governorate, and the final theme is the geographical distribution of food industry in Erbil governorate.

To accomplish the goals of the research, a general scientific methodology has been adopted, comprised of (division, analysis, composition), displaying data and information in terms of graphs, using programs and new analytical tools such as (Excel 2016, Arc GIS 10.8)

In conclusion, the research yielded that food industry in the selected area of the research has its special significance for being considered an essential element of national security, a main branch of national economy, a direct contributor in increasing national domestic product, linking chain between agricultural and industrial sectors, a key principle and basis of commercial sector in the country as well as being an indicator of welfare of citizens.

Key words and phrases: (food industry, factory, labor force, significance ratio, branches of food industry, geographical distribution).

تێبینیەکان:

1. داتاکانی پشت پێ بەستراوی کارگەکانی پیشەسازی دروستکردنی نان و سەمون و جۆرەکانی نان تەنها داتای ئەوفرنانە وەرگیراوە کە توانای بەرهەمیان لە 100تەن بەسەرەوەیە بۆ ئەوەی کە ڕێژەی ڕاستەقینەی کارگە خۆراکیە جۆر بەجۆرەکانی تر وون نەبێت بە بەراود بە ئەم جۆرە کارگانە.
2. جێگای ئاماژەیە لقی بەرهەمە فرنەکان بەسەر دوو ژێرلق دابەشکراوە بەهۆی زۆری ژمارەی کارگەکانی دروستکردنی نان و سەمون و جۆرەکانی نان بەبەراورد لەگەڵ کارگەکانی دروستکردنی کێک و پاقلاوە(هەویرکاری) توێژەر هەستاوە بە جیاکردنەوەیان بۆ زیاتر روون بوونی کاریگەری هەر ژێر لقێک.